# داهێنانی نووسین
# و کرداری نووسین
## لە خۆرهەڵاتی نزیکی کۆندا

# اختراع وممارسة الكتابة في الشرق
# الأدنى القديم



# The Invention and Practice of Writing in the Ancient Near East

ئەم دەستپێشخەرییە فێرکارییە بەشێکە لە پرۆژەی بەکردارکردنی شوێنەوارناسی و پاراستنی کەلەپوور لە هەرێمی کوردستانی عێراق کە لەلایەن کونسوڵی بەریتانی بۆ پاراستنی کەلتور و بە هاوبەشی لەگەڵ بەشی دیجیتاڵ و کەلتوور و ڕاگەیاندن و وەرزش پشتگیری مادی دەکرێت.

هاوبەشەکانی پرۆژەکە: ئەفرۆدێتۆ سۆرۆتۆو (پەیمانگەی ئینهێریت)، کەمال ڕەشید (بەڕێوەبەری شوێنەواری سلێمانی).
بەشداربووە ئەکادیمییەکان: د.دڵشاد عەزیز مارف، پرۆفیسۆر سیلڤیا فێرارا، د.کلاودیا گلاتز، و د. دانییێل کاڵدێربانک.
کێشانەوەی وێنەکان: مارینا دیمۆپۆولۆو
لەبەرگرتنەوە و دروستکردنەوەی پارچە شوێنەوارەکان: زۆزک سەباح، ئاکام عومەر.
وەرگێڕان: د. دڵشاد عزیز مارف. پێداچوونەوە: کمال ڕشید ڕەحیم - هاشم حەمە عبدللە
پیتچنین: ڕێبوار سەدرەدین
ڕێکخستنی : ئامانج ئەمین

ئاب - ٢٠١٩

Department for Digital, Culture Media & Sport
BRITISH COUNCIL
مۆزەخانەی سلێمانی Slemani Museum
inherit The Institute for Heritage and Sustainable Human Development
University of Glasgow

هەموو مافێکی ئەم زانیارییانە بۆ ئەم کەسانە پارێزراوە (کلاودیا گلاتز، ئەفرۆدێت سۆروتو ، کەمال ڕەشید ، میتە ماری هاڵد ، ڕۆبن بێندری، دانیاڵ کالدریبانک و مارینا دیمو) © ٢٠١٩

# پێڕست


١. داهێنانی نووسین و کرداری نووسین له خۆرهه‌ڵاتی نزیکی کۆندا

٢. اختراع وممارسة الكتابة في الشرق الأدنى القديم

THE INVENTION AND PRACTICE OF WRITING - ٣
IN THE ANCIENT NEAR EAST




# پێشەکی

مەبەست لەم زنجیرە سندوقە فێرکارییە ئاشناکردنی مامۆستایان و خوێندکارانە لە هەموو تەمەنەکاندا بە خۆرهەڵاتی نزیکی کۆن لە پێناو هاندانی هەمووان بۆ ئاشنابوون بە شێوەیەکی فراوان بە زانستی شوێنەوار و مێژووی ئەم ناوچەیە و پارێزگاریکردنی هەروەها بۆ یارمەتیدان لە پاراستنی کەلتوورە رۆشنبیرییە پڕ بەهاو هەمە چەشنەکەی.

سندوقەکان پێشەکییەك بۆ سێ رەگەزی گرنگی ژیانی کۆن پیشان دەدەن:

- گڵینە و خەڵک لەخۆرهەلاتی نزیکی کۆن.
- خۆراك لە خۆرهەڵاتی نزیکی کۆن.
- داهێنان و کرداری نووسین لە خۆرهەڵاتی نزیکی کۆن.

هەر چوارگۆشەیەك ئەمانەی لە خۆ گرتووە: زانیاری نووسراو، وێنەی ڕوونی پەیوەندیدار، کۆمەڵێك چالاکی بۆ ئاسانکردنی فێربوونی منداڵان.

## چێژ لە گەشتەکەت وەربگرە
## بە قووڵایی مێژوودا!



## چی لە سندوقەکەدایە؟

- کارتێک کە وەسفی چۆنێتی دروستکردنی چالاکییەکانی ژمارە ٣ و ژمارە ٤ لە خوێی هەویری باس دەکات.
- قەڵەمی تەختە/قامیشی مێخی ( کە لە کۆندا نووسینی مێخی پێ نووسراوە): بۆ چالاکی ژمارە ٣.
- سێ کۆپی مۆرە رووتەخت و لولەییەکانی میسۆپۆتامیا.
- چەند کۆپییەکی جۆراوجۆری تابلێتی نووسینی مێخی و جۆرەکانی دواتری نووسین.

## نووسین چییە؟

نوسین بریتییە لە یەکێک لە گەورەترین داهێنانەکان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. نووسین بەکارهێندراوە بۆ تۆمارکردنی قسەکردن لە رێگەی ژمارەیەکی دیاریکراو لە نیشانە(هێما)ی بینەدراوەوە کە دەنگەکانی وشەکانی پێ تۆماردەکرێت.
بیر لە پیتەکانی ئەلف و بێ بکەرەوە و چۆن دەنگەکانیان دیاریکراوە و هەر دەنگە و پیتێکی بۆ دیاریکراو؟ ئەمە بووەتەهۆی ئەوەی کە نووسین وەک ئامرازێک بۆ پەیوەندیکردن و بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان لە کات و شوێنی جیاوازدا. لەرێگەی بەکارهێنانی نووسین دەتوانین نامە بنێرین و لەم سەردەمەی ئێستادا دەتوانین ئیمەیڵ و نامەی ئەلیکترۆنی بۆ ناوچەی زۆر دوور بنێرین و ئەوەی ئەیزانین لەرێگەی نووسینەوە بۆ نەوەکانی داهاتووی تۆماربکەین.

هەر لەیەکەم نیگاوە، ئەم پێناسەیەی سەرەوە بەشێوەیەکی ڕوون جیاوازی نێوان نووسین و سیستەمە بینەدراوەکانی تری پەیوەندیکردن لەیەکترجیادەکاتەوە کە بە بێ قسەکردن پەیامەکان دەگوازنەوە. لەوانەیە جیاوازییەکە ئاڵۆزتربێت، بەتایبەتی وەک ئەوەی کە دەبینین کاتێک دێینە سەرەتاکانی قۆناغی سەرهەڵدانی نووسین.

نووسین کاریگەرییەکەی زۆرگەورەی کردە سەر کەلتوری مرۆڤایەتی. بەڵام ئێمە ئەمڕۆ بە مسۆگەری وەریدەگرین و پرسیارە بنەڕەتییەکان ناکەین: چۆن ئەم نووسینە پەیدابوو و گەیشت بەم ئاستە؟ کێ نووسینی داهێنا؟ لە کوێ نووسین داهێندرا و بۆچی؟ ئەم گەشتە هەوڵدەدات بەشێک لەو پرسیارانە وەڵام بداتەوە.

> خەڵکی میسۆپۆتامیای کۆن پێش هەموو شارستانییەتەکانی تر، ئەوان یەکەم کەس بوون نزیکەی ٥٠٠٠ پێنج هەزارساڵ لەمەوبەر نووسینیان داهێناوە. لەکاتێکدا لە میسریش بەهەمان شێوە ماوەیەکی کەم دوای میسۆپۆتامیا نووسینێکیان بۆخۆیان داهێنا. هەروەها چینییەکان نزیکەی ٢٠٠٠ دوو هەزارساڵ دواتر نووسینێکی تایبەت بە خۆیان داهێنا، دوای چەند سەدەیەکی تریش لە ئەمریکای ناوەڕاست نووسینێکی تر داهێندرا. ئەمانە چوار داهێنانی جیاواز و دابڕاو لەیەکتربوون، کە هەریەکێکیان بەشێوەیەکی سەربەخۆ داهێندراون و بەبێ ئەوەی پەیوەندییان بە کەلتورێکی ترەوە هەبێت کە لەوەوپێش نووسینی داهێنابێت.داهێنانە ڕەسەنەکان لەوانەیە لە شوێنی تریش بە هەمان شێوە ڕوویاندابێت، لە دۆڵی ئیندوس لەسەردەمەی شارستانییەتی هەراپپادا و، لە وپەڕی ڕۆژهەڵاتی ئایسلاندا لە زەریای هێمن دا نزیکەی ٥٨٠٠کم دوور لە کەناراوەکانی چیلی. میسۆپۆتامیا وەک دەردەکەوێت یەکەم بووە لەم داهێنانەدا.

میسۆپۆتامیا نووسینی لە خاڵی سفرەوە دەستپێکرد و دایهێنا، بەبێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی بە کەلتورێکی ترەوە هەبێت. ئەم نووسینە ناونرا "مێخی/بزماری" چونکە هێماکانی شێوەیەکی مێخی تیژیان هەبوو. (وشەی مێخی بە زمانی ئینگلیزی پێی دەوترێت کونێیفۆرم کە لەوشەی لاتینی کونێوس بە واتەکەی مێخ دێت وەرگیراوە). نووسینی مێخی بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر تاتەقوڕ دەنووسرا و هەندێک کاتی تریش لەسەر مادەری تر، سەدان هەزار تاتەقوڕ کە نووسینی مێخییان لەسەرە دۆزراونەتەوە.

گرنگە کە بیزانین لەبەر ئەوە نوووسین تەنها پەیوەندی بە زمانەوە نییە، بەڵکو نووسین مادەیە و شتێکە. بۆ نمونە نووسین بەشێکە لە مێژوو و شوێنەوار. تابلێتە قوڕینەکان و جۆرەکانی تری نووسین لە سەر مادەی تر کە لە کاتی هەڵکۆڵینە شوێنەوارییەکاندا دۆزراونەتەوە و بەشێکی زۆریان لە مۆزەخانەکان نمایشکراون. بەکارهێنانی ئامرازەکان و مادەکانی ناو ئەم سندوقە، ئێوەش هەندێکیان بۆ خۆتان دەنووسن. ئەمە گەشتێکە ئێوە دەباتە قوڵایی یەکێک لە گرنگترین داهێنانەکانی میسۆپۆتامیاوە.

خەتی مێخی سەرەتا بۆ نووسینی زمانی سوممەری داهێندرا، بەڵام دواتر زمانەکانی ئەکەدی، خوری، حیتی، ئورارتی، ئیلامی، فارسی کۆن، میدی و زمانی تریشی پێنووسران. بەم ڕێگەیە، یەک جۆر خەت کە خەتی مێخی بوو، بە تێپەڕبوونی کات بۆ تۆمارکردنی نووسینی چەندین زمان بەکارهێندرا.

# نووسین بۆچی بەکاردەهێندرا؟

لە میسۆپۆتامیا، نووسین و و ڕێگەکانی تۆمارکردن و پاراستنی زانیارییەکان و کەلوپەلەکانی وەک مۆرەکان هەموویان زۆر پەیوەست بوون بە دام و دەزگاکانی دەوڵەتەوە: وەک کۆشک و پەرستگەکان. لە کاتێکدا لە سەرەتادا نووسین بۆ مەبەستی تۆمارکردنی چالاکییە ئابوری و ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکان بەکاردەهێندران، بەڵام دواتر بۆ تۆمارکردنی دەقی ئەدەبی و داستانەکانیش بەکاردەهێندران، وەک دەقی داستانی پاشا و پاڵەوانی بەناوبانگ گلگامێش، دەقە یادگارییە شاهانەکان کە لەسەر بەرد هەڵدەکەندران و بۆ تۆمارکردنی یادەوەری سەرکەوتن و دەستکەوتەکانی پاشایانی میسۆپۆتامیا بەکاردەهێندران. هەروەها بۆ تۆمارکردنی دەقی زانستی تایبەت بە فەلەکناسی و بیرکاری و دەقی تایبەت بە ڕێوڕەسمە ئاینییەکان.

جیاواز لەم سەردەمە، لە سەردەمە کۆنەکاندا لە میسۆپۆتامیا تەنها ژمارەیەکی کەم لەخەڵک دەیانتوانی نووسین فێربن و ببنە نووسەر و خوێندەوار، کە ئەوانیش لە چینی شاهانە، دەوڵەمەندەکان، و کاهینەکان بوون و دەیانتوانی بنووسن و بخوێننەوە. ئەوانەی فێری نووسین و خوێندنەوەی خەتی مێخی بووبوون لە میسۆپۆتامیای کۆندا خاوەن پلەیەکی بەهێزبوون لە ناو کۆمەڵگەدا و بووبوونە تاکێکی بەهێز لە کۆمەڵگەی میسۆپۆتامیادا.

وەک هەر تەکنەلۆجیایەکی تر، یان وەک هەر داهێنانێکی تری نووسین، نووسینی مێخی لە میسۆپۆتامیادا لە شەو و ڕۆژێکدا دانەهێندراوە، بەڵکو بە تێپەڕبوونی کات داهێندراوە. بەڵام بەتەواوی و ڕوونی دیارنییە کە چۆن داهێندراوە؟ چەند بیردۆزەیەکی جیاواز دەربارەی چۆنێتی داهێنانی نووسین خراونەتەڕوو. ئەوەی کە بە دڵنیاییەوە دەتوانین بیڵێین ئەوەیە کە هێما مێخییەکان پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ وێنەکاندا هەن، و کۆنترین نووسین بریتییوو لە نووسینی وێنەیی، لە نووسینی وێنەییەوە هێماکان گۆڕادران بۆ نووسینی مێخی. بەپێی نەریتەکانی نووسینی شێوە و هێماکان (ڕێگاکانی کێشانی وێنەی شتەکان، ئاژەڵەکان و مرۆڤەکان).

# پێش نووسین

لەسەرەتادا، مرۆڤەکان نووسینیان نەدەزانی. پێش دروستکردنی لادێ و شارەکان و گەشەکردنیان، مرۆڤەکان یەکەم هەنگاویان بەرەو نووسین نا، ئەویش لەڕێگەی تۆمارکردنی چیرۆکەکانی ڕاوکردن و بەشەکانی تری ژیانیان لەڕێگەی کێشانی وێنە لەسەر دیواری ئەشکەوتەکەن (نزیکەی سی هەزار ٣٠٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر). دواتر لە دەوروبەری دوانزەهەزار ١٢٠٠٠ساڵ لەمەوبەر، مرۆڤەکان دیمەنەکانی ڕاوکردن و هێماکانی تریان لە دەشت و دۆڵ و شاخەکاندا لەسەر تاشەبەردەکان دەکێشا.

کاتێک مرۆڤەکان لە لادێ بچووکە کشتوکاڵییەکاندا نیشتەجێبوون (بڕوانە سندوقی خواردن) و دواتر گڵێنەیان داهێنا (دەڕواندرێتە سندوقی گڵێنە) نزیکەی دە هەزار ١٠٠٠٠ساڵ لەمەوبەر گڵێنەیان داهێنا و وێنەی ئاژەڵەکان و مرۆڤەکان و دیمەنی ئەندازەیی و ڕووەکییان لەسەر گڵێنە و گۆزەکان دەکێشا. هەروەک کێشانی وێنە لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان و تاشەبەردەکان، وێنە کێشان و هەڵکەندنی وێنە لەسەر ڕووی گۆزەکان بریتیبوون لە دەربڕینی یادەوری و بیر و خەیاڵکردنەوەی مرۆڤەکان، ئەمانەش ڕێخۆشکەربوون بۆ ئەوەی ئێمە ببینین کە چۆن مرۆڤی کۆن هێما واتادارەکان و گرنگەکانی ناو ژیانی خۆیان لەڕێگەی ئەم وێنانەوە بۆ ئێمە گواستووەتەوە و چۆن ویستوویانە پەیوەندی بە خەڵکانی ترەوە بکەن لەڕێگەی ئەو وێنانەوە.

### نەخش و زەخرەفەی سەر دەفرە گڵێنەکان



وێنەی شێوە مرۆڤی لەسەر گڵێنەیەک کێشراون، لە شوێنەواری چۆخە مامی لە نزیک مەندەلی دۆزراونەتەوە، دەگەڕێنەوە بۆ نزیکەی هەشت هەزار ٨٠٠٠ساڵ لەمەوبەر.

# بەرەونووسین

هەنگاوی پتەوی زیاتر بەرەو داهێنانی نووسین و پێشکەوتنی نووسینی مێخی لە میسۆپۆتامیادا بەشێوەی تۆمارکردنی سیستەمێک هەنگاوی نا کە پشتی بەستبوو بە تۆپە قوڕینەکان، کە بە ئینگلیزی پێی دەوترێت بوللا، هێمای کەلوپەل و ئاژەڵی لەقوڕدروستکراو بە شێوەی بچووک لە ناو ئەم تۆپە قوڕینانەدا وەک هێما بۆ مامەڵەی بازرگانی دادەندران. بیردۆزەی بنەچەی داهێنانی نووسین لە ئەنجامی پەرەسەندنێکی درێژ و قۆناغ بە قۆناغی پێشکەوتنەوە بوو هەر لە هێما قوڕینەکانی ناو تۆپە قوڕینەکان بوو، بۆچوونی جیاواز دەربارەی ئەم گەشەسەندنەی هێماکانی نووسین هەیە، بەڵام پێویست بوو لێرەدا بە کورتی ئاماژەی پێبدەین.
سیستەمی هێمای قوڕینە بچووکە دروستکراوەکان کە بۆ تۆمارکردنی کەلوپەلەکان و جۆر و ژمارەیان بەکاردەهێندران هەر لە لادێ کشتوکاڵییەکانی چاخی بەردینی نوێ وە بەرەوپێش چوو. کۆنترین هێما قوڕینەکان لە دەوروبەری یانزەهەزار ١١٠٠٠ساڵ لەمەوبەر لە ناوچەکانی ئێران داهێندران.تۆپەقوڕین و هێما بچووکە لە قوڕدروستکراوەکان بە کاردەهێندران بۆ ئاڵوگۆڕ و مامەڵە ئابورییەکان. کاتێک کە مرۆڤەکانی ئەو سەردەمەی میسۆپۆتامیا مامەڵەی بازرگانییان بە کەلوپەکانەوە دەکرد. هەر کەسێک یان دامەزراوەیەک کە مامەڵەیەکی ئابوری و بازرگانی بکردایە دەبوو تۆپە قوڕێکی پڕکراو لەو هێما گڵێنەییە بچووکانەی لە شێوەی ئەو کەلوپەلانەی کە مامەڵەیان پێوەدەکات وەک شێوەی گۆزە یان شێوەی ئاژەڵەکان بکاتە ناو تۆپەقوڕەکەوە و تۆپەکە دابخات و هەڵیگرێت. ژمارەی ئەو هێما بچوکانەی کە لەشێوەی کەلوپەلە بازرگانی پێوەکراوەکەدا دروستدەکران و دەخرانە ناو تۆپەقوڕەکەوە هێمابوون بۆ ژمارەی ئەو کەلوپەلانەی کە مامەڵەیان پێوەکراوە. بۆ نمونە پێنج ئاژەڵی فرۆشراو یان گۆڕدراوە بە شتی تر، بەشێوەی ئەو پێنج ئاژەڵە لە قوڕی بچووک هێمای ئاژەڵەکان دروستدەکران و دەخرانە ناو تۆپەقوڕەکەوە. هەندێک لە هێما قوڕینەکان لە شێوەیەکی ئەندازەیی یان دوور لە شێوەی ئاژەڵەکان دروستدەکران، تەنانەت بۆ هەندێک لە هێماکان بەوردی نازانین هێما بوون بۆ چ ئاژەڵێک یان چ شتێک. دوای ئەوەی هێما قوڕینەکان دەخرانە ناو تۆپە قوڕینەکەوە دەمی تۆپەکە دادەخرا و مۆردەکرا و مۆرەکە هەموو ڕووی دەرەوەی تۆپەقوڕەکەی دەگرتەوە، بۆ ئەوەی کەس نەیکاتەوە و دەستکاری ژمارەی هێما قوڕینەکان نەکرێت.
شوێنەوارناسان ژمارەیەکی زۆر لە تۆپە قوڕینەکانیان لە نشینگە کۆنەکانی میسۆپۆتامیادا دۆزییەوە. هەندێکیان بە شکاوی دۆزرانەوە، چونکە لەسەردەمە کۆنەکاندا هەردوو لایەنی مامەڵەکە دوای تەواوبوونی مامەڵەکەیان و کاتی وەرگرتنی کەلوپەلەکان لەبیریان نەمابوو ژمارەی هێما گڵێنەییەکان چەندە، لەبەر ئەوە دەبوو تۆپەقوڕەکە بشکێنن و هێماکان بژمێرن، تا بە پێی ئەو ژمارەیە کەلوپەل و ئاژەڵەکان بگۆڕنەوە و بیفرۆشن بەیەکتر، تا هەردوو لایەنی بازرگانییەکە (کڕیار و فرۆشیار) بە تەواوەتی متمانەو دڵنیایی خۆی بۆ بەرامبەرەکەی نیشان بدات.

## تۆپە قورێک و هێماقوڕینەکانی ناوی



تۆپە قورێک و هێماقوڕینەکانی ناوی

شێوە گڵێنەییەکان قەبارە و شێوەیان جیاوازبوو، بۆ ئەوەی هێما بۆ کاڵا و کەلوپەلی بازرگانی جۆراوجۆر بکەن. بەپێی یەکێک لە بیردۆزەکان کە دەربارەی سەرەتای داهێنانی نووسینە، لە دوای بە کارنەهێنانی شێوە گڵێنەییەکان و نەشاردنەوەیەیان لە ناو تۆپە قوڕینەکاندا، ئیتر شێوە گڵێنەییەکان لەبری ئەوەی بخرێنە ناو تۆپە گڵێنەییەکانەوە لەسەر ڕووی تابلێتێکی قوڕینی تەخت دانە دانە پاڵیان پێوەدەندرا تا شێوەکەیان لەسەر ڕووی تابلێتە قوڕینەکە دەربچێت و چاپ ببێت، ئەمەش بووە هۆی دەرکەوتنی یەکەم تابلێتە قوڕینەکان کە نووسرابوون بە هێمای وێنەیی. جیاوازی شێوە و قەبارەی شێوە قوڕینەکان بوونە هۆی دروستبوونی چاپبوونی هێمای جۆراوجۆر لەسەر تابلێتە قوڕینەکە، بەم شێوەیە ڕووی تابلێتەکە بووە یەکەم ڕووی تۆمارکراو و تۆماری هەڵگرتن و ژمێریاری.

# سەرەتای نووسین

نزیکەی شەش بۆ پێنج هەزار ٦٠٠٠-٥٠٠٠ساڵ لەمەوبەر، ژیانی بەشێک لە خەڵکی میسۆپۆتامیا گۆڕانکاری گەورەی بەسەرداهات. لەگەڵ ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لەخەڵک لە لادێ بچووکەکاندا لە ژیانی سادەی خۆیاندا بە شێوەی کۆمەڵگەی بچووک بەردەوام بوون، لەگەڵ کەمێک داهات و دەوڵەمەندی و جیاوازی باری کۆمەڵایەتی لە نێوان دانیشتواندا، ژمارەیەکی کەم لە نشینگەکان، بە تایبەت لە باشوری میسۆپۆتامیادا وەک نشینگەی ئوروک (وەرکا) بوون بە شاری گەورە کە چەندین باڵەخانەی گەورە(پەرستگەکان)یان تێدا دروستکرا، و دەوڵەمەندییەکی زۆر و جیاوازی چینەکانی کۆمەڵگە لە نێوان خەڵکی ئاسایی و چینە تازە پێگەیشتووە خانەدانەکەیدا. ئەندامانی ئەم چینە تازە پێگەیشتووە لە خانەدانەکان دواتر توانییان هەموو پێگە گرنگەکانی شارەکان بەدەستەوەبگرن،  وەک پلە باڵاکانی پیاوانی ئاینی و ژنانی ئاینی، ئەمانە سەرپەرشتی بنیاتنان و بەرەوپێدانی شێوازی نوێی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەیان بەڕێوەبرد و سەرپەرشتی بنیاتنانی پەرستگە و کۆشکەکانیان کرد.

لە یەکەم شارە کۆنەکانی میسۆپۆتامیادا، پەرستگەکان بەتەنها شوێنی پەرستن نەبوون، بەڵکو بنکەیەکی ژیانی ئابوری و سیاسی خەڵکیش بوون. پەرستگەکان ژمارەیەکی زۆر مەڕ و ماڵات و مانگا و سنورێکی فراوان لە زەوی کشتوکاڵی و لەوەڕگەیان هەبوو. خەڵکێکی زۆر لە زەوی و زارەکانی پەرستگە کاری کشتوکاڵییان دەکرد، ژمارەیەکی زۆر لە ژنان و منداڵان لە شوێنکاری کارەدەستییەکانی ناو پەرستگە کاریان دەکرد. جگە لەوەش پیشەوەرەکان کە لە کانزاکاریدا کاریاندەکرد و کەلوپەلی کانزایی و زێڕ و زیوو و جلوبەرگی جوان و کەلوپەلی ناوماڵ و تەلارەکان و هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە گۆزە و گڵێنەیان دروست دەکرد. (بڕوانە سندوقی گڵێنە).

نووسین لە میسۆپۆتامیادا بۆ ئەوە داهێندرا هەتا ئەم چالاکییە ئابورییانەی پەرستگە ڕێکبخرێن بە شێوەیەک کە بگونجێت لەگەڵ فراوانبوونی دام و دەزگاکان، تا دڵنیابن ئەوانەی کەبۆ پەرستگە کاریان دەکرد و پیشەوەرەکانی پەرستگە بڕی تەواوی خواردنیان وەرگرتووە و تا بڕی دیاریکراوی کەلوپەلی پێویست بۆ ئەوانەی کاری دەستییان دەکرد تۆماربکرێت . (بڕوانە سندوقی گڵێنە).
لەدەوروبەری ٥٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر، کارگێڕەکان لە پەرستگەی سەرەکی شاری ئوروک (وەرکا) لە باشوری میسۆپۆتامیا، و دامەزراوەکانی پەرستگەکانی شارەکۆنەکانی تر شێوەیەک لە نووسینی وێنەیی سادەیان بەرهەمهێنا، ئەم جۆرە نووسینە کە بریتییوو لە کێشانی وێنەی شتەکان و ئاژەڵ و مرۆڤ پێی دەوترێت نووسین بەر لە نووسینی مێخی یان نووسینی هاوشێوەی نووسینی مێخی.

ئەم جۆرە سادەیە لە نووسین شتەکان و کردارەکانی لەڕێگەی وێنەوە دەردەبڕی. بۆ نمونە فرمانی ”دەخوات“ بە دوو وێنەی لێکدراو نووسراوە: ئەوانیش هێمای سەری مرۆڤێکبوو کە دەمی کردووەتەوە لەگەڵ هێمای قاپێک. هەردووە هێما وێنەکە پێکەوە ئاماژەبوون بۆ خواردن یان پێدانی ژەمە خواردن بە کرێکارەکان.

جیهانی ئەمڕۆمان هەتا ئێستا پڕە لە هێمای وێنەیی و زانیارییە سادەکان و ئاراستەکانی پێ دیاریکراوە. بیر لە هێماکانی هاتووچۆ بکەرەوە یان هێمای سەردەرگەی ئاودەستەکان کە بە پێی وێنەکانی دەزانین ئاودەستی ژنان یان پیاوانە.

## هاوشێوەی نووسینی مێخی



تابلێتێکی نووسینی وێنەیی(کە ناسراوە بە نووسینی هاوشێوەی نووسینی مێخی).

چالاکی ژمارە ١: بیر لە هێمایەکی وێنەیی بکەرەوە کە تۆ لە قوتابخانە، لەماڵەوە یان لەسەر شەقام بینیوتە؟
لەسەر لاپەڕەیەک وێنەی بکێشەرەوە و نیشانی هاوپۆلەکانتی بدەو واتاکەی بۆیان باس بکە.
ئایا دەکرێت هەمان زانیاری وێنەیی لە ڕێگەی نووسینەوە بگوازرێتەوە؟ ئایا هەمان کاریگەری دەبێت؟
گفتوگۆی ناوپۆل دەربارەی ئەو خەڵکانەی کە نەخوێندەوارن و ناتوانن بنووسن و بخوێننەوە، یان دەربارەی ئەو گەشتیارە بیانییانەی کە دێنە مۆزەخانە و بازاڕەکان و ناتوانن لە زمان و نووسینی کوردی تێبگەن و قسەی پێبکەن و بیخوێننەوە.

# نووسینی مێخی

نووسینی وێنەیی پێش نووسینی مێخی کە پێی دەوترێت هاوشێوەی یان وێکچووی  نووسینی مێخی تەنها بۆ چەند سەدەیەک بەکارهێندرا. کێشانی وێنە لەسەر قوڕ بۆ هەر وشەیەک یان چالاکییەک کارێکی ئاسان نەبوو. نووسەرەکانی سەرەتا کێشەیان هەبوو لە دەربڕینی بیروبۆچوون و ڕستەی ئاڵۆز لە ڕێگەی وێنە کێشانەوە وەک نووسین.لەبەرئەوە نووسەرەکان هەر زوو دەستیانکرد بە پوختەکردنی کێشانی وێنەکان بۆ ئەوەی وەک زنجیرەیەک لە هێما دەربکەون.
هێما مێخییەکان لە ڕێگەی ئامرازێکی نووک تەنک و تیژ کە بە قەڵەمی قامیش ناسراوە دەکێشران. ئەم قەڵەمە زۆربەی کات لە قامیش دروستدەکرا و لەسەر قوڕ پاڵی پێوەدەنرا و وەک قەڵەمی ئەم سەردەمە بۆ نووسین بەکاردەهێندرا. قامیشەکە لێوارێکی تیژی سێگۆشەیی هەبوو، کە پێی دەگوترێت مێخ.

## قەڵەمی قامیش و هێما مێخیەکەی کە پێی نووسراوە



نموونەیەک لە قەڵەمی قامیش و هێما مێخیەکەی کە پێی نووسراوە.

بە تێپەڕبوونی کات، وێنەکان کە لەلایەن نووسەرەکانەوە لە نووسینی وێنەییەوە لە قۆناغی هاوشێوەی مێخییەوە کە نەیاندەتوانی تەواوی وشەکان و چالاکییەکانی پێدەربڕین دەگۆڕدران و کورتدەکرانەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە چەند دەنگە هێمایەکی مێخی دەکرا بە ئاسانی بۆ دروستکردنی وشەکانبەکاربهێندرێت.

نووسەرەکانیسۆپۆتامیادەبووسەدانهێمایمێخی فێربن بۆ ئەوەی بتوانن بەرێک و ڕەوانی بنووسن و بخوێننەوە. جیاواز لەو نووسینانەی بەو خەتە ئەلفوبێیانەی کە ئەمڕۆ زۆربەمان پێیان دەنووسین، هێما مێخییەکان بەتەنیا بە شێوەیەکی گشتی پێک دەهاتن لە تێکەڵبوونی دەنگێکی بزوێن و نەبزوێنێک. ئەمە پێی دەگوترێت بڕگەیی. بۆ نموونە، هێمای مێخی نا NA (کە واتای نەخێر دەدات بە زمانی سومەری) پێکهاتووە لە دەنگی نەبزوێنی ن N و دەنگی بزوێنی ئا A. ئەگەر نووسەرەکان بیانویستایە دەنگی ن N لە یەک وشەدا بەکاربهێنن، ئەوا دەبوو یەکێک لەم شەش هێمایەی خوارەوە بەکاربهێنن، چونکە بەتەنیا پیتی ن بەیەک هێما نەدەنووسرا، لەبەر ئەوە، لەسەرئەوە دەوەستا ئەو دەنگانەی تری ناو وشەکە چی بوون کە دەیانویست بینووسن. بەم شێوەیە پیتی ن لەگەڵ پیتەبزوێنەکاندا بە شەش هێمای جیاواز دەنووسرا، لە سێ هێمایاندا دەنگی ن دەکەوتە سەرەتاوە و لە شەش هێمای تردا دەنگی ن دەکەوتە کۆتاییەوە و بزوێنەکان لەپێشییەوەبوون، هێماکان بریتی بوون لە هێمای: نا NA ، نو NU ، نی NI ، یان هێماکانی ئان AN، ئون UN، ئین IN.

## تابلێتی خەتی مێخی



دەقێکی مێخی سەردەمی بنەماڵەی ئوری سێیەمی سومەرییەکان دەگەڕێتەوە بۆ چوار هەزارساڵ لەمەوبەر.

نزیکەی سێ هەزار و دووسەد ٣٢٠٠ساڵ لەمەوبەر، لە شاری بازرگانی ئوگاریتی کەناری دەریای ناوەڕاست (لە باکوری ڕۆژئاوای سوریا) هێما مێخییەکان بەشێوەیەک گۆڕانکاریان تێداکرا کە بۆ نووسینی ئەلفوبێی بگونجێن. هەروەک چۆن لەم سەردەمەدا نووسینی ئەلفوبێی کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی بەکاردێت. بۆ نمونە لەو ئەلفوبێ مێخییەی ئوگاریت دا تەنها بەلای زۆرەوە ٣٠ هێما بەکارهێندران، و بەلای کەمەوە ٢٢ هێما بەکارهێندران، (هەروەک ئەلفوبێی فینیقی کە دواتر دەرکەوت). هەریەکێک لە هێما مێخییەکان هێما بوو بۆ یەک دەنگ نەک دوو دەنگ.

## ئەلفوبێی ئۆگاریتی

| Ugaritic | Latin | Arabic | Kurdish | Ugaritic | Latin | Arabic | Kurdish | Ugaritic | Latin | Arabic | Kurdish | Ugaritic | Latin | Arabic | Kurdish |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 𐎀 | ʾa | أ | ئا | 𐎈 | ḥ | ح | ح | 𐎐 | n | ن | ن | 𐎘 | ṯ | ث | – |
| 𐎁 | b | ب | ب | 𐎉 | ṭ | ط | – | 𐎑 | ẓ | ظ | – | 𐎙 | ġ | غ | غ |
| 𐎂 | g | ج | ج-گ | 𐎊 | y | ي | ی | 𐎒 | s | س | س | 𐎚 | t | ت | ت |
| 𐎃 | ḫ | خ | خ | 𐎋 | k | ك | ک | 𐎓 | ʿ | ع | ع | 𐎛 | ʾi | ئ | ێ |
| 𐎄 | d | د | د | 𐎌 | š | ش | ش | 𐎔 | p | ف | ف-پ | 𐎜 | ʾu | ؤ | ۆ |
| 𐎅 | h | ه | هـ | 𐎍 | l | ل | ل | 𐎕 | ṣ | ص | – | 𐎝 | s₂ | – | – |
| 𐎆 | w | و | و- ڤ | 𐎎 | m | م | م | 𐎖 | q | ق | ق | 𐎟 | | | |
| 𐎇 | z | ز | ز | 𐎏 | ḏ | ذ | ژ | 𐎗 | r | ر | ر | | | | |

**چالاکی دووەم:** وای دابنێ تۆ نووسەرێکی سەردەمە کۆنەکانیت. ناوی خۆت لەسەر کاغەزێک بە ئەلفوبێی مێخی ئوگاریتی بنووسە.

# چۆن نووسینی مێخی دەنووسیت؟

شارستانییەتی میسۆپۆتامیا پێی دەگوترێت شارستانییەتی قوڕ، چونکە شورای شارەکان، زەقورەکان، کۆشکەکان، پەرستگەکان، و خانووەکانیان لە خشتی قوڕ دروستدەکرد و قاپ و قاچاغیشیان لەگڵێنە دروستدەکرد. بەهەمان شێوەش بۆ نووسین ئەوکات پەڕە و کاغەز و پێستەیان بۆ نووسینی مێخی بەکارنەدەهێنا، بەڵکو لەسەر تاتەقوڕ(تابلێتی قوڕین) دەیاننووسی. تابلێتەقوڕینەکان زۆرتاییەتبوون، چونکە نەک هەر تابلێتەقوڕینەکان بەکارنەدەهێندرانەوە بۆ ئەوەی دووبارە نووسینی تریان لەسەر بنووسرێت، ئەمە جگەلەوەی کە بۆ هەزاران ساڵ دەمێننەوە، تەنانەت لە خانووە سوتا و و بینا ڕوخێندراوەکانیشدا تابلێتە مێخییەکان بەباشی دەمانەوە. لەبەر ئەم هۆیانە، سەدان هەزار تابلێتی قوڕینی مێخی بەشێوەیەکی باش مابوونەوە

**ئامادەکردنی تابلێتێکی قوڕین وەک ئامادەکردنی قوڕە بۆ دروستکردنی گۆزە (بڕوانە سندوقی گۆزەکان).**

١) قوڕێکی باش و پاک هەڵبژێرە، زۆربەی کات قوڕ و لیتەی قەراغی ڕووبارەکان باشن، بۆ نمونە ڕووباری سیروان یان تانجەرۆ.
٢) لە ڕەگ و ڕیشاڵ و وردە بەرد و زیخ پاکی بکەرەوە.
٣) پاشان قوڕەکە بگرەرەوە و ئاوی بۆ زیاد بکە.
٤) قوڕەکە بە پارچە پێستەیەک یان پارچە قوماشێک داپۆشە، بۆ ئەوەی وشک نەبێتەوە.
٥) لە قوڕە تەڕەکە تابلێتێک بە شێوە و قەبارەیەکی تایبەت دروستبکە پێش ئەوەی دەست بە نووسین بکەیتبڕوانە سندوقی تابلێتەکان بۆ ئەوەی نمونە جیاوازەکانی تابلێتەکان ببینیت.
٦) بنووسە!

ئەم سندوقی فێرکارییە چەند نمونەیەکی جیاوازی تابلێتی مێخی تێدایە کە پێک هاتوون لە تابلێتی شێوە و قەبارە جیاواز.

قەبارەی تابلێتەکان جۆراوجۆربوون. ئەو تابلێتانەی بۆ ڕاهێنانی قوتابیان لە قوتابخانە سومەری و بابلییەکان بەکاردەهێندران شێوەیان بازنەیی خڕبوو و کەمێک قۆقزبوون لە هەردوو ڕووەکەیاندا. ئەم تابلێتانە بەکاردەهێندران بۆ ئەوەی قوتابییەکە فێربێت کە چۆن هێما مێخییەکان بنووسێت. ئەم شێوە و قەبارە دیاریکراوە بۆ ئەوەبوو کە قوتابییەکان بە ئاسانی لە دەستەبچووکەکانیاندا هەڵی بگرن لەو کاتەدا کە خەریکی نووسین بوون بە دەستەکەی تریان.

لەلایەکی ترەوە دەقە ئابورییەکان بەردەوام شێوەکەیان لاکێشەیی بوو، لە کاتێکدا دەقە شاهانە و ئایینییەکان زۆر گەورەتربوون لە تابلێتە ئاساییەکان. هەندێک کات دەقە مێخییەکان لەسەر تابلێتی شێوە قوچەکی گڵێنەیی یان لەسەر شێوەی پوازی (ئاوێزەیی) دەنووسران. دوای تەواوبوونی نووسینە مێخییەکە لەسەر تابلێتە گڵێنەییەکە دەخرانە کورەیەکی تایبەتەوە و سوردەکرانەوە، بەڵام هەندێک کات تابلێتە گڵێنەییەکان تەنها لەبەر خۆرەتاو وشکدەکردانەوە. وشککردنەوە یان سورکردنەوەی تابلێتەکان بۆ ئەوەبوو تا باشتربمێننەوە.

لەگەڵ ئەوەی نووسینی مێخی زۆربەی کات لەسەر تابلێتی قوڕین و بەرد دەنووسران، هەندێک جاریش لەسەر کانزا و عاج دەنووسران. بۆ نمونە دەقی یاسا بە ناوبانگەکەی حامورابی لەسەر میلێکی بەردین نووسراوە. لەم بارەدا،نووسەرەکە دەبوو دەقە مێخییەکە بە ڕەنگی سپی یان سور لەسەر میلە بەردینەکە بنووسێت پێش ئەوەی هونەرمەندە بەردهەڵکەنەکە نووسینەکە نەخشبکات و هەڵیبکەنێت لەڕێگەی قەڵەمێکی مێخی کانزایی یان بەردینی ڕەق هێما نووسراوەکان کە بە ڕەنگ نووسراون هەڵبکەنێت. لە چیاکانی زاگرۆس، زۆرێک لە پاشا کۆنەکان نووسینی شاهانەیان لەسەر ڕووی چیاکان تۆمارکردووە، زۆربەی کات ئەم نووسینانە بۆ تۆماکردنی یادگاری تۆمارە سەربازییەکانیان تۆماردەکران. یەکێک لە نمونەکان میلە بەردینەکەی پاشا ئیدین-سین، پاشای شانشینی سیموررومە بوو کە لە بناری چیای پیرەمەگرون لە باکوری سلێمانی دۆزرایەوە و ئێستا لە مۆزەخانەی سلێمانی نمایشکراوە. نووسینی مێخی لەوانەیە بە مەرەکەب و قامیش لەسەر پێستە و تۆماری لولکراو نووسرابێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو جۆرە مادانە بە تێپەڕبوونی کات شی دەبنەوە و دەفەوتێن و نامێننەوە، لەبەر ئەوە بەڵگەی ڕوون نییە بەکارهێنانی پێستەو تۆماری لولکراو بسەلمێنێت یان ڕەتیکاتەوە.

# قوتابخانەکان

لە میسۆپۆتامیای کۆندا، بۆ یەکەمجار قوتابخانە کرایەوە. سێ جۆر قوتابخانە هەبوون: قوتابخانەکانی کۆشک، قوتابخانەکانی پەرستگەکان، و قوتابخانە تایبەتەکان. لە زمانی سومەریدا قوتابخانە پێی دەگوترا ئێ –دوبا (E-DUBBA) بە واتای ”ماڵی تابلێتەقوڕینەکان“. تەنها منداڵە دەوڵەمەندەکان، بە تایبەت ئەوانەی کە باوکیان نووسەربوون یان کاهینی پەرستگەکان بوون دەیانتوانی بچنە قوتابخانەی نووسەری و چەندین ساڵ لەوێ بخوێنن بۆ ئەوەی ببنە نووسەرێکی تەواو شارەزا و نووسین و خوێندنەوە و، پاراستنی تۆمارەکان و بیرکاری و زانست و ئەدەب فێرببن. ئەمانە هەمووی لە نووسەرێکی شارەزا داواکراوبوو.

قوتابییەکان دەچوونە قوتابخانە لە تەمەنی منداڵییەوە. قوتابییەکان کە بۆ فێربوونی نووسینی مێخی دەچوونە قوتابخانەکان زۆربەیان کوڕبوون، بەڵام لە میسۆپۆتامیای کۆندا نووسەری کچیش هەبوون، بە تایبەت شازادەکان و کاهینە کچ و ژنەکان.

هەروەک ئەمڕۆمان، لە قوتابخانەکانی میسۆپۆتامیای کۆندا پۆلی جیاوازهەبوون؛ ئەوانەی سەرەتا دەچوونە قوتابخانە دەبوو فێربن چۆن بە باشی نووسینی مێخی بنووسن و بەو شێوەیە سەرپەرشتی دەکران لەلایەن قوتابییەپێشکەوتووەکان کە لە خۆیان گەورەتربوون. قوتابییە پێشکەوتووەکان تابلێتە قوڕینەکانی ڕاهێنانەکانیان بۆ قوتابییە نوێیەکان ئامادەدەکرد؛ هێڵیان دەکێشا و دێڕەکانیان لەسەر تابلێتەقوڕینەکە جیادەکردەوە و دێڕی یەکەمی هێما مێخییەکانیان دەنووسی و پاشان قوتابییە نوێیەکان هێماکانیان لە دێڕە بەتاڵەکانی تردا دەنووسییەوە.

پۆلی قوتابخانەکان بەڕیز سەکۆی تێدا دروستکرابوو، قوتابییەکان لەسەر ئەو سەکۆیانە دادەنیشتن و تابلێتەقوڕینەکانیان بەدەستێکیانەوە دەگرت و بە دەستەکەی تریشیان بە قامیشی نووسین دەیاننووسی. ئەو قوتابیانەی لاسارییان بکردایە هەندێک کات مامۆستا بەدار لێی دەدان و سزای دەدان.

## تابلێتی ڕاهێنان (فێرکاری)



تابلێتێکی ڕاهێنانی قوتابخانەیی (٤٠٠٠
چوارهەزارساڵ لەمەوبەر)

## قوتابخانەی فێربوونی نووسینی مێخی



وێنەیەکی خەیاڵی دروستکراوەی قوتابخانەی فێربوونی نووسینی مێخی (٤٠٠٠ چوارهەزارساڵ لەمەوبەر)

دوای ئەوەی نووسەرەکان خوێندنیان تەواودەکرد ڕاستەوخۆکاریان دەستدەکەوت. نووسەرەکان لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا وەک کۆشک و پەرستگەکاندا دادەمەزران. لەوێ نامەیان بۆ پارێزگاری هەرێمەکان و کۆشکی پاشایانی وڵاتان دەنارد.هەندێک لە نووسەرەکان نووسینی ڕازاوەیان دەربارەی کاروچالاکییەکانی پاشا و هێرشە سەربازییەکانی و سوپاکەی دەنووسی، دەقە ئەدەبییەکانیان لەبەردەگرتەوە و تێکەڵیان دەکردن. یان کەلوپەل و ناوی ئەو کەسانەیان تۆماردەکرد کە کاریان بۆ کۆشک و پەرستگە دەکرد، و چۆن کرێکارەکان و کەسە دەسترەنگینەکان قەرەبوودەکرانەوە و کرێی کارەکانیان وەردەگرت، هەموو ئەمانە لەلایەن نووسەرەکانەوە تۆماردەکران. ئەمە جگە لەوەی نووسەرەکان موڵک و مافی خاوەندارێتی و دەقی کڕین و فرۆشتنەکان و بڕیارە یاساییەکانیان نەک تەنها بۆ چینی سەرەوە و دەوڵەمەند و دەسەڵاتدارەکان، بەڵکو بۆ هەموو کەسێک لەبەرامبەر نرخێکدا ئەو جۆرە تۆمارانەیان بۆ دەنووسین.

ئەم سندوقی پەروەردەییە دەقی تابلێتی مێخی قوتابخانەیی تێدایە.

ئەم سندوقی پەروەردەییە دەقی خوێی هەویری تێدایە کە بۆ دروستکردنی هاوشێوەی تابلێت دەتواندرێت بەکاربهێندرێت.

چالاکی ژمارە ٣: وا دابنێ ئێوە قوتابین لە قوتابخانەی فێربوونی نووسینی مێخین. بۆ بەکارهێنانی قامیشی قەڵەم و خوێی هەویری ئامادەیە، هێما مێخییەکان بنووسە لەسەر ئەو تابلێتەی کە خۆت دروستی دەکەیت و هێماکان وەک ئەو هێمایانەی کە لەسەر تابلێتە مێخییە خەپلەییە قوتابخانەییەکەی کە لە ناو سندوقەکەدایە بنووسە. لەناو پۆلدا گفتوگۆ دەربارەی ئەوە بکە کە چۆن منداڵان فێردەبن، یان چۆن فێربوون کە بنووسن و بخوێننەوە. چ ڕاهێنانێکیان لە بیر دەمایەوە، چی گرنگ بوو، چی گونجاوبوو و چی نەگونجاوبوو؟

# مۆر و چاپکردنی مۆرەکان

نووسینی مێخی بە تەنها ڕێگەی پاراستنی تۆمارەکان نەبوو لە دامەزراوەکانی کۆشک و پەرستگەکاندا، بەڵکو چەسپاندنی خاوەندارێتی و ڕەسەنایەتی و بەدواداچوونی مافی دانەر و خاوەندارێتی نووسینی دۆکیومێنتەکان و کەلوپەلەکان گرنگبوون لە جیهانی کۆندا هەروەک ئەمڕۆ. وەک ئیمزا یان مۆری نووسینگەکانی ئەم سەردەمە، لە کۆندا مۆرەکان وەک کلیلی تەکنەلۆجیای کارگێڕی وابوون کە یارمەتیدەربوون بۆ کۆنترۆڵکردنی جموجوڵی بازرگانی کاڵا و شتومەک و سەپاندنی دەسەڵات. بۆ ئەوەی نامەکان و دەقە یاساییەکان پشتڕاستبکرێنەوە، تابلێتی قوڕینی نامە نووسراو و دەقە ئابوری و یاساییەکان بە مۆری ڕووتەخت یان مۆری لولەیی مۆردەکران. هەروەها خەڵکی ئەو سەردەمە مۆرەکانیان بەکاردەهێنا بۆ مۆرکردنی ئەو قوڕەی بۆ داخستنی دەسکی دەرگاکان و دەمی گۆزەکان بۆ پاراستنی ئەو کەلوپەل و کاڵا گرنگانەی کە تێیاندابوون. خەڵکی ئەو سەردەمە تۆپەقوڕیان لە دەسکی دەگاکان و لێواری سەبەتەکان و گۆزەکان و دەمی تورەکەکان دەدا و دوای ئەوەی گرێی ئەو پەتانەی کە دەم و دەسکی ئەو شتانەیان پێدادەخست بە تۆپەقوڕ دادەپۆشی، پاشان پێش ئەوەی وشکببێتەوە بە مۆری لولەیی و ڕووتەخت قوڕەکەیان مۆر دەکرد، هەتا کەس دەرگاکان و سەری گۆزە و سەبەتە و دەمی تورەکەکان نەکاتەوە.
جیاواز لە فێربوونی نووسەری و خوێندەواری کە تەنها ژمارەیەکی کەم خەڵک دەیانتوانی ببنە نووسەر، بەڵام هەموو کەسێک دەیتوانی ببێتە خاوەنی مۆر و مۆری خۆی بۆ مۆرکردنی بەڵگەنامە و کەلوپەلەکانی بەکاربهێنێت. ئەو مۆرانەی کە تا ئێستا دۆزراونەتەوە، بریتین لە مۆر یان چاپی مۆرە شاهانەکان، مۆری کاهینەکان، نووسەرەکان، پەرستگەکان و بەرپرسەکانی ناو کۆشک، هەروەها بازرگانەکان و خەڵکی ئاسایی، ژنان و پیاوان و ئەوانەی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە دەزگاکانی دەوڵەتەکانی ئەو کاتەوە نەبوو و خەڵکانی ئاسایی بوون هەموو مافی ئەوەیان هەبوو کە مۆری خۆیان هەبێت و بەکاریبهێنن بۆ مۆرکردنی بەڵگەنامە و مامەڵەکانیان. بەشێوەیەکی گشتی مۆرەکان لە بەردی جوان و بەنرخ و بەردی گونجاوی تایبەت هەڵدەکەندران، مۆرەکان وەک ئیمزای ئەم سەردەمە یان وەک مۆر بۆ مۆرکردنی بەڵگەنامە یاسایی و کارگێڕییەکان بەکاردەهێندران. لەسەر مۆرەکان نەخشی تایبەت هەڵدەکەندران، ئەو نەخشانە لە مۆرێکەوە بۆ مۆرێکی تر لە ڕووی بابەت یان وردەکارییەوە جیاوازبوون هەتا مۆرێک لە مۆری کەسێکی تر نەچێت بۆ ئەوەی خاوەندارێتی کەلوپەلە مۆرکراوەکان پارێزراوبێت.

ئەم سندوقە فێرکارییە سێ مۆری مسیۆپۆتامیای تێدایە کە هاوشێوەی مۆرە کۆنەکان دروستکراونەتەوە.

## مۆری لوولەیی



پیشاندانی ئاژەڵی بزنەکێوی و دار لەسەر مۆرێکی لوولەیی، سەردەمی جەمدەتنەسر ٥٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر

چالاکی چوارەم: وا دابنێن ئێوە شوێنەوارناسن و توێژینەوە لەسەر مۆرەکان دەکەن. مۆرە ڕووتەختەکە یان مۆرە لولەییەکان بەسەر خوێی هەویریدا بهێنن و چاپی بکەن:

- **چ دیمەنێک لەسەر مۆرەکە هەڵکەندراوە؟**
- **ئایا بەبۆچوونی ئێوە لە کۆندا کێ خاوەنی ئەو مۆرە بووە؟**
- **بۆ چ مەبەستێک مۆرەکان بەکارهێندراون؟**

### کتێبخانە و ئەرشیفخانەکان

دوای ئەوەی دەقە مێخییە تۆمارکراوەکان لەسەر تابلێتەقوڕینەکان ژمارەیان زۆر دەبوو، نووسەرەکانی کۆشک و پەرستگە و نووسەری بازرگانەکان دەستیانکرد بە ڕێکسختنی تابلێتە قوڕینەکانیان. هەندێک لە تابلێتە کۆکراوەکان لە ئەرشیفخانەکاندا ژمارەیان کەم بوو، وەک ئەرشیفخانەی بازرگانە ئاشوورییەکان کە لە دوور لە وڵاتی خۆیان لە ناوەڕاستی ئەنادۆڵ (تورکیا) سەرقاڵی بازرگانی بوون و لە دەوروبەری ٣٨٠٠ ساڵ لەمەوبەر لەوێ دەژیان، ئەوان تابلێتە قوڕینەکانی خۆیان کە دەقی مامەڵە بازرگانییەکانیان و ڕێکخستنی ژیانی ڕۆژانەیانی تێدابوو لە گۆزەی گەورەدا یان لە سەبەتەدا هەڵیاندەگرتن.
بەڵام ئەگەر ژمارەی تابلێتە قوڕینەکان زۆربووایە ئەوە وەک کتێبخانە لە سەر ڕەفەی تەختە کە لە دیوارەکان گیردەکرا تابلێتە قوڕینەکان هەڵدەگیران و بەپێی ناوەڕۆکەکانیان ڕێکدەخران.بە تێپەڕبوونی کات ئەو تابلێتە قوڕینانەبە تایبەت نامەکان و دەقە ئەدەبییەکان و دەقی گەشتنامە و ڕاپۆرتی لەشکرکێشییە سەربازییەکان، نەک تەنها ئەو تابلێتانە بەڵکو دەقی ڕێوڕەسمە ئاینییەکان و دەقە زانستییەکان هەموویان کۆکرانەوە و بۆ یەکەم جار لە جیهاندا کتێبخانەیەکیان لێدروستکرا. یەکێک لە کتێبخانە بەناوبانگەکانی میسۆپۆتامیا لە شاری نەینەوا (موسڵ) دۆزرایەوە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٢٦٠٠ ساڵ لەمەوبەر، ئەم کتێبخانەیە لە کۆشکی (ئاشوربانیپاڵ)ی پاشای ئاشورییەکاندابوو.هەزاران تابلێتی قوڕین لەم کتێبخانەیەدا کۆکرانەوە، هەروەک کتێبخانەکانی ئەم سەردەمە، دەقی جۆراوجۆری بیرکاری، فەلەکناسی، ئەدەبی و شیعر، دەقی یاسایی، و دەقی ئەفسانەیی بە شێوەیەکی ورد و ڕێکخراو پارێزگارییان لێکرابوو، تەنانەت تابلێتی قوڕینی شارەکانی تری میسۆپۆتامیا کۆپی دەکران و لەو کتێبخانەیەدا کۆدەکراونەتەوە.
جیاواز لە کتێبخانەکانی ئەم سەردەمە، هەرچەندە کتێبخانەکانی ئەم سەردەمە بۆ هەموو کەسێک کراوەن و دەتوانن سەردانیان بکەن، بەڵام لە کۆندا کتێبخانەکانی میسپۆتامیا و جیهانی کۆن تەنها شازادە و نووسەرەکان و خوێندەوارەکانی کۆمەڵگە بۆیان هەبوو بچنە ئەو کتێبخانانەوە. زانست و زانیارییەکانی ناو ئەو کتێبخانە و ئەرشیفخانانە تەنها بۆ خزمەتی ئامانجە سیاسییەکانی ئاشوربانیپاڵ و پاشایانی تربوو، جگە لەوەی ئاشوربانیپاڵ بە دامەزراندنی ئەم کتێبخانەیە ناوو ناوبانگی خۆی پێ زیادکرد و ناوی بە نەمری مایەوە.

# کۆتایی بەکارهێنانی نووسینی مێخی

نووسینی مێخی بۆ نزیکەی سێ هەزارساڵ بە بەردەوامی بەکارهێندرا. نزیکەی ۲۵۰۰ ساڵێک لەمەوبەر خەڵکی میسۆپۆتامیا و زاگرۆس دەستیانکرد بە بەکارهێنانی ئەلفوبێ بۆ نووسین، لەبەر ئەوە بە ئەلفوبێی ئارامی شانبەشانی بەکارهێنانی خەتی مێخی بەردەوام بوون لە تۆمارکردنی دەقەکان. فێربوونی نووسینی ئەلفوبێی ئارامی کە تەنها ۲۵ پیت و دەنگ بوو، بەم شێوەیە نووسینی ئارامی ئاسانتر و خۆشتربوو لە نووسینی مێخی کە لە سەدان هێما پێکهاتبوو. لەبەر ئەوە هەردوو نووسین و زمانی ئارامی زۆر بە ئاسانی و خێرایی لە ناو کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆندا بڵاوبووەوە.

## ئەلفوبێی ئارامی کۆن



پاشایانی ئاشوری نووسەری ئارامییان بەکرێ دەگرت و شانبەشانی نووسەرەکانی خەتی مێخی لە کۆشکی پاشایانی ئاشوریدا تۆمار و نامە و فەرمانە شاهانەکانیان دەنووسییەوە و لەکاتی لەشکرکێشی سەربازیشدا شانبەشانی پاشا و سوپا دەچوونە جەنگەکانەوە و ژمارەی دیل و سەرباز و تاڵانییەکانیان تۆماردەکرد. وێنەی نووسەرە ئارامی و نووسەرە مێخییەکان لە وێنەی سەردیوار و نەحتی سەر دیواربەندی کۆشکەکانی پاشایانی ئاشوریدا دەردەکەوتن، کە وێنەی دوو جۆر نووسەر (نووسەری ئارامی و مێخی)لە خزمەتی پاشادا لە هۆڵی پێشوازی کۆشکدا یەکێکیان پێستەیەکی بەدەستەوەیە و بە قامیش و مەرەکەب بە خەتی ئارامی دەنووسێت و ئەوی تریان تابلێتێکی قوڕینی بەدەستەوەیە و بە قامیشی نووک مێخی دەنووسێت.

## نووسەری مێخی و نووسەری ئەلفوبێی ئارامی



نووسەری مێخی (لای چەپ) و نووسەری ئەلفوبێی ئارامی (لای ڕاست) وێنەکانیان لەسەر دیواری کۆشکی پاشایانی ئاشوری ۲۷۰۰ ساڵ لەمەوبەر کێشراوە.

جگە لە ئەلفوبێی ئارامی و یۆنانی و لاتینی، لە زاگرۆس و میسۆپۆتامیادا ئەلفوبێی ئەشکانی و پەهلەویش لەسەردەمی ئەشکانی و ساسنییەکاندا بەکاردەهێندرا.

لەگەڵ دەرکەوتنی ئیسلامدا لە میسۆپۆتامیادا نووسینی ئەلفوبێ بەردەوام بوو، بەڵام لە جێگەی ئەلفوبێی ئارامی و پەهلەوی، ئەلفوبێی عەرەبی و کوردی بەکارهێندرا. ئەلفوبێی سریانی (کە پێی دەوترێت ئارامی ڕۆژهەڵاتی) لە ئەلفوبێی ئارامییەوە گەشەی کرد و بەردەوام بوو. لەسەرەتادا ئەلفوبێی عەرەبی خاڵ و نوقتەی لەسەر پیتەکانی نەبوو، دواتر خاڵ و نوقتە بۆ نۆ پیتی عەرەبی زیادکران. لە دەوروبەری ٨٠٠ ساڵ لەمەوبەردا، ئەلفوبێیەکی کوردی بەکاردەهێندرا، ئەم ئەلفوبێیە لەلایەن ئیین وەحشییەی نەبەتییەوە تۆمارکراوە. ئەو دەڵێت کە هەندێک کتێب کە بەم ئەلفوبێ کوردییە نووسرابوون وەریگێڕاون بۆ زمانی عەرەبی. ئەلفوبێی نوێی کوردی جیاوازە لەو ئەلفوبێیەی کە نەبەتی باسی کردووە و ٨٠٠ ساڵ لەمەوبەر بەکارهێندراوە.

## دووبارە دۆزینەوە و خوێندنەوەی نووسینی مێخی

هەتا ماوەیەک لەمەوبەر، نووسینی مێخی وەک نهێنییەکی شاراوە وابوو. لە دەوروبەری ٢٠٠ ساڵ لەمەوبەردا، گەڕیدەخۆرئاواییەکان، ئەفسەرەکان، وپیاوەئایینییەکان دەستیان بە کۆکردنەوەی تابلێتەقوڕینەکان و مۆرە لولەییەکان کرد لە ناوچەکانی میسۆپۆتامیا و ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆندا. بۆیان دەرکەوت کە ئەو هێما مێخییانەی لەسەر تابلێتەکان کێشراون بریتین لە جۆرێک لە نووسینێکی تایبەت، بەڵام نەیاندەتوانی بیخوێننەوە و لێی تێبگەن. یەکەم هەنگاوی ڕاستەقینە بۆ خوێنەوەی ئەم نووسینە مێخییە لەلایەن ئەفسەری بەریتانی هێنری ڕاولێنسۆنەوە بوو. ڕاولینسۆن سەردانەی نەخشی نووسراوی سەر ڕووی چیاکان و میلە بەردینەکانی لە چیاکانی زاگرۆس کرد. لەسەر ئەو میل و نەخشانە نووسینی مێخی و نووسینەکانی تریش تۆمارکرابوون.
کلیلی خوێندنەوەی نووسینی مێخی بریتییوو لەو نووسینەی کە بە سێ زمان لەسەر چیای بێستون لە نزیک کرماشان لە ڕۆژئاوای ئێران لەلایەن پاشای فارسی داریوشی یەکەمەوە تۆمارکرا. ئەم نووسینە تەمەن ٢٥٠٠ ساڵییە بە زمانی ئەکەدی و ئیلامی نوێ و فارسی کۆن/میدی و بە خەتی مێخی و بە نووسینی ئەلفوبێی ئارامی نوسرابوو. ڕاولینسۆن بە ڕووی ئەو شاخە سەختەدا سەرکەوت کە زیاتر لە ١٠٠ مەتر بەرزبوو و بە هاوکاری شوانێکی گەنج نووسینەکانی سەر ڕووی شاخەکەی تۆمارکرد. لەبەرگرتنەوە (کۆپیکردن)ی نووسینەکانی شاخی بێستون لەسەر کاغەز و بردنەوەی بۆ ئەوروپا، ئەو کۆپییەی نووسینەکە و بەراوردکردنی هێماو دەنگی دەقی هەر سێ زمانەکە ڕێخۆشکەربوو بۆ زانایانی شوێنەوارناسی تا بتوانن یەکەم هەنگاو بەرەو خوێندنەوەی نووسینی مێخی ببەن و ببێتە کلیلی خوێندنەوەی نوسینی مێخی. لە ئەنجامی هەوڵەکانی ڕاولینسۆن و زانایانی ترەوە نووسینی مێخی کە بۆ ماوەی زیاتر لە دوو هەزار ساڵ بوو وازیلێهێندرابوو و پێی نەدەنووسرا و نە دەتواندرا بخوێندرێتەوە و لەواتای نەووسینەکە بگەین لەڕێگەی ئەم هەوڵانەوە دووبارە خوێندرایەوە و تا ئێستا دەیان هەزار دەقی مێخی لەلایەن پسپۆڕانەوە خوێندراوەنەتەوە.

### پرسیاری داڕشتن بۆ قوتابییەکانی پۆلە گەورەکان

١) داهێنانی نووسین لە میسۆپۆتامیای کۆندا ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەبوو بە چالاکییە ئابوری و کارگێڕییەکانەوە. چۆن و بە چ شێوەیەک داهێنانی نووسین هاریکاربوو لە بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەکانی یەکەم دامەزراوەی دەوڵەتی؟

٢) تۆپەقوڕینەکان وهێما قوڕینەکان چین و چۆن پەیوەندییان هەبوو بە داهێنانی خەتی مێخییەوە؟

٣) لە میسۆپۆتامیای کۆندا چۆن کوڕان و کچان فێردەبوون کە نووسینی مێخی بنووسن و بخوێننەوە؟

٤) مۆرەکان تەکنەلۆجیایەکی کارگێڕی گرنگبوون لە ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆندا. ئایا دەتوانن گفتوگۆی ئەوەبکەن کە چۆن و بۆ چ مەبەستێک مۆرەکانیانبەکاردەهێنا؟

# چۆنێتی بەکارهێنانی خوێی هەویری

**پێکهاتەکان**

ئەم پێکهاتانەی خوارەوە ئامادەکراون بۆ دەستەیەک کە لە ١٠ منداڵپێکبێن.

٥ کوپ لە خوێی هەویری ١.٢٥ لیتر
١٠ کوپ لە ئارد ٢.٥ لیتر
٤ کوپ لە ئاو ٢ لیتر

**ڕێنماییەکان**

١. خوێیە هەویرییەکە لەگەڵ ئاردەکەدا لە قاپێکی گەورەدا تێکەڵ بکە، ئەگەر پێویستیکرد دەتوانیت بیکەیتە ناو چەند قاپێکی بچووکترەوە.

٢. بە هێواشی ئاو بکە بەسەر هەویرەکەدا. باش تێکیهەڵبدە هەتا دەبێتە هەویرێکی توند.

٣. هەویرەکە بخەرە سەر مێزێک و بە دەست پانییکەرەوە هەتا تەنک دەبێت و تێکەڵ دەبێت.

٤. بە هەویرەکە تابلێتی نووسین دروست بکە.

٥. (ئەم خاڵەیان بە ئارەزووی خۆتە) دەتوانیت ئەو تابلێتەی کە دروستتکردووە بیخەیتە فڕنێکەوە و لە ١٨٠پلەی سیلیزیدا سوری بکەرەوە. کاتی سووربوونەوەکەی دەوەستێتە سەر قەبارەی تابلێتەکە، ئەگەر ئەستوور بوو کاتی زیاتری دەوێت. دەکرێ هەویرەکە نەخرێتە فڕنەوە و لەشوێنێکدا دابندرێت تا وشک دەبێتەوە.

**تێبینی**

• خوێیە هەویرییەکە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێکی کەم ئەتواندرێت پارێزگاری لێبکرێت ئەگەر لە سندوقێکی قەپاتدا دابندرێت.